باس

غالیە قەبانی

# ناپلیۆن بۆناپێرت رۆمانێکی نووسیوە



وەرگێڕانی:
شێرزاد هەینی

هەموو کەس ناپلیۆنیان وەک سەرکردەیەکی سەربازی فەڕەنسی زۆردار ناسیوە، ئەوەی چەندین وڵاتی داگیر کردووە و شەڕی دژواری ناوەتەوە و نیوەی جیهانی خستووەتە ژێر رکێفی فەرەمانڕەواییەکەی، کەم کەسیش ئەو پیاوە عاشقێکی ناسکی رۆمانسیش بووە. ئەو سەربازە نەناسراوە نە پارە و نە دەسەڵات و نە ناوداری و نە پاریسی لە هزردا بووە، کە لە دوورگەی کورسیکای دوورەوە گەیشتووەتە بازنەی رووداوەکان، ئەویش وەک هەموو زۆردارێکی ئەو مێژووە چاوی لەوە بووە هەموو جیهان داگیر بکات و هەرچی نیشانەی ئازایەتی و نەبەردی هەیە لە یەخەی خۆی بدات و سەربەرزانە وەک پاڵەوانی شاناز و شکۆدار بسووڕێتەوە. لە ناخی ئەو سەرکردە زاڵمەدا هەستی رۆمانسیش هەبووە، ئەویش ئەڤینی کردووە و ژانی هەبووە و بۆ دڵدارەکەی سووتاوە و نامەی سۆزداری نووسیوە کە پاشان نامەکان باس کراون، واتە ئەو نامانەی بۆ جۆزڤینی هاوسەری نووسیبووی، بەڵام توێژەرێکی فەرەنسی توانیبووی چەند لاپەڕەیەک لە رۆمانێک لە نووسینی ئەو لە هەموو گۆشەکانی دنیا کۆ بکاتەوە، کە بە ناوی کلیسۆن ویوجینی لە تەمەنی گەنجیدا نووسیبوی، کە ئیلهامەکەی لە یەکەم ئەڤینەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەو رۆمانەش دوو ساڵە لە فەڕەنسا چاپ کراوە و دەزگایەکی پەخشی بەریتانیش بەنیازە لەو پایزەدا چاپی بکات، پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا ئەو کارە تەواو نەکراوەیە بەرهەمێکی نووسینی سەرکەوتوو بوو، یان تەنیا نووسەرەکەی کەسێکی رۆمانسی فاشیل بووە...؟



لە یەکەم نیگادا سەربازەکە شەیدای کیژەکە دەبێت و پرۆسەی هاوسەرگیری دەکەن،

کوڕەکە سەربازێکی ئازا بووە و لە شەڕەکاندا دەکوژرێت، ئەوەیە ناوەڕۆکی نووسینەکە، کە کارەکە ئاوێتەیەکە لە رۆمانسییەت و تراژیدیا. کەس بیر لەوە ناکاتەوە کەوا نووسەرەکەی لە سوپای فەڕەنسی پلەدار دەبێت و دەبێتە سەرکردەیەکی مەزنی فەڕەنسا و کار بۆ ئەوە دەکات چەندین ناوچە و وڵاتانی جیهان داگیر بکات، لە کۆتاییشدا لە دوورگەی سانت هیلینا و لە تاراوگە و لە تەمەنی ٥١ ساڵیدا دەمرێت. وردەکارییەکانی رۆمانەکە لە ژیانی تایبەتی ناپلیۆن وەرگیراوە کە بە شێوەیەکی نافەرمی پێوەندیی مارەبڕینی بە خوشکی براژنەکەی هەبووە، کە ناوی دیزیە ئوجینی کلیری بووە، کە پاشان شووی بە مارشالێکی سەربازی لە سوپای فەڕەنسی کردووە و کە بە وەراسەتێکی دوور دەبێتە پاشای سوید و نەرویج، ئەویش دەبێتە شاژنی سوید، دەڵێن دایکی کیژەکان بەو پێوەندییە رازی نەبووە و گوتوویەتی: بوونی زۆرتر لە یەک کەس لە پۆناپرتەکان لە ناو بنەماڵەکەمان زۆرە. ناوی ژنە دڵدارەکەی بە یوجینی هێناوە و بە جریوەی بولبولی ناو بردووە، سەرەتا نووسینەکە بە پێشبینییەک لە ژیاننامەی پۆناپێرت دەست پێ دەکات: کلیسۆن بۆ شەڕ و جەنگ لە دایک بووە، کە هاوڕێیەکانی خەریکی کچان دەبوون و شەیدای ئەڤین بوون، ئەودەمانە ئەو بیری لە بنچینەکانی هونەرەکانی سەربازی کردووەتەوە. پاڵەوانی رۆمانەکە دوو عاشقەکە دەبنە هاوسەر و ماڵ و خێزان پێک دەهێنن، ژنەکە غیرە لە مێردەکەی دەکات، بۆیە ئوجینی ژیانی ئارام نابێت. پاڵەوانەکە دەچێتە مەیدانەکانی جەنگ، لە ناو گەرمەی شەڕەکاندا نامەیەک بۆ خۆشەویستەکەی دەنووسێت، کە تێیدا هاتووە: ماڵئاوا خۆشەویستەکەم مناڵەکان لەجیاتی من ماچ بکە، هیوادارام ئەوانیش وەک باوکیان ئارەزووی شەڕ و کوشتار لە

**ئەگەرچی دەستنووسەکە کورتە، بەڵام لەو شاکارەدا ناپلیۆن بە شێوەیەکی تر دەردەکەوێت، ئێمە ئەگەر ئەومان تەنیا وەک سەرکردەیەکی سەربازی دیبێت، ئەوا دیارە ئەو لەو لایەنەوە کەسێکی رۆمانسییە**

مێشکیان نەدا، بەوەش دەبنە قوربانی پیاوەکان. هەرمان بۆ نەمری و بۆ ئەڤین.

## نەمرییەکی چاوەڕوان نەکراو

ئەو ڕۆژانەی دایکی ئوجینی ڕازی نەبوو کیژەکەی بداتە ئەو سەربازە گەنجە نەیدەزانی دوارۆژی پڕ شکۆ دەبێت، پۆستەکەی لە تاجەکەی سویدیش بالاتر دەبێت. سەرەتا ئەو سەربازە کەوتووەتە بەرچاوی بەرپرسەکانی، تێگەیشتوون ئەو زۆری لەبارە تا کاری پێ بسپێرێت، تا ڕۆژێکیان یەکێک لە پێنج ئەندامەکەی سەرکردایەتی کۆمار داوا لەو ئەفسەرە دەکات بە ڕووی ٣٠٠ هەزار کەسە یاخییەکەی کۆمارەکەیان بوەستێت، ئەوانەی پشتیوانییان بۆ پاشایەتی پاریس دەکرد، ئەوەش بووبووە مەترسییەک لەسەر کۆمارە نوێیەکەیان. ناپلیۆن بە پێنج هەزار سەربازەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و تێکیان دەشکێنێت، بۆیەش زوو پلەکەی بەرز دەکەنەوە بۆ پلەی میژەر ژەنراڵ، پاشان دەبێتە سەرۆک سوپا، لە نووسینگە سادە و ئاساییەکەی خۆی دەگوازرێتەوە کۆشکێک کە دەڕوانێتە سەر گۆڕەپانی ڤاندوم لە پاریس، ڕۆژەکەش لە مێژوودا دیارە کەوا ڕۆژێک بوو لە مانگی ئوکتۆبەری ساڵی ١٧٩٥. لەو ڕۆژانەدا سەرۆک سوپاکە نەیدەزانی ڕۆژانێک دێ بڕیارەکانی ئەو دەگاتە ناو ملیۆنەها کەسی ژێر دەسەڵاتەکەی لە ئەوروپا و ناوچەکە. کە ناپلیۆن دەچێتە ناو کۆشکەکە لەوێ چاوی بە بێوەژنێکی تر دەکەوێت، ئەویش ناوی جوزڤین بوو، کە ماوەیەک بوو مێردەکەی کۆچی دوایی کردبوو، بە تەمەنیش شەش ساڵ لەو گچکەتربوو، دایکی دوو منالیش بوو، زوو دەکەوێتە داوی ئەڤینەکەی، لە یەکەم بەهاری پاش دیمانەکە و ئەڤینە گەرمەکە دەبنە هاوسەر. لە ساڵی ١٨٠٤ ناپلیۆن نازناوی

**ئەوەی تەنیا لە پاش مەرگی ناپلیۆن ماوەتەوە تەنیا چەند لاپەڕەیەکی دەستنووس بوون لە ڕۆمانەکەی، ئەویش تاکە نووسراویەتی کە لە پاشی جێماوە.**

کونسوڵی یەکەم وەردەگرێت، لە ئاکامی مناوەرەیەک لەگەڵ سیناتۆردا نازناوی ئیمپراتۆریان داوەتێ، هەروەها نازناوی ژنە ئیمپراتۆریان بە هاوسەرەکەشی بەخشیوە. لە ئاکامی چەندین شەڕ و ئاژاوەکانی ناو ئەوروپا و ناوچەکە، دەشکێت و چەندین کودەتای لەسەر دەکرێت، ناپلیۆن دەگیرێت و لە پاریس دووردەخرێتەوە، بەڵام پێشتر لەبەرئەوەی ژنەکەی منالی نەبووبوو جیابووبوونەوە، بۆیە لە تاراوگەکەی خۆی بەتەنیا دەژیت، هەر لەوێش دەمرێت، دوا قسەکانی سەرەمەرگیشی ئەوەبوو کە گوتبووی:

فەرەنسا، سوپا، سەرکردایەتی لەشکر، جۆزڤین.

ئەوەی تەنیا لە پاش مەرگی ناپلیۆن ماوەتەوە تەنیا چەند لاپەڕەیەکی دەستنووس بوون لە رۆمانەکەی، ئەویش تاکە نووسراویەتی کە لە پاشی جێماوە.

ئەو چەند لاپەڕەیەش لەلایەن هاورێ و دۆستەکانییەوە وەک یادگار هەڵدەگیرێت، بۆیەش ئەگەری ئەوە هەیە چەند لاپەڕەیەک لەو رۆمانە ون بووبێت، لاپەرەکان دەکەوێتە چەند دەستێک، هەندێکیان دەگاتە رووسیا و ئەمریکاش، هەندێک لەو لاپەڕانە دەکەونە ناو کتێبخانە گشتییەکان و ئەرشیفە تایبەتییەکانیش. یەکەمین لاپەڕەی ئەو رۆمانە کە دەدۆزرێتەوە و پاش ئەوەی لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر دەکرێت، دڵنیا دەبن دەستنووسەکەی ناپلیۆنە، کە لەلایەن "پیتر هیکس"ی ئینگلیزی شارەزا لە مێژوو و ژیاننامەی ناپلیۆنەوە دەسەلمێندرێت، لە فرۆشتنێکی ئاشکرای زیادکردندا بە ١٧ هەزار جونیەی ئوسترلینی دەفرۆشریت. ئەو لەگەڵ ژنە وەرگێڕێکی تر رۆمانەکەیان لە فەرەنسییەوە وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی.

ئەگەر بگەڕێینەوە ناو ئەرشیفە کۆنەکانی کۆواری تایمی

**ئەگەرچی دەستنووسەکە کورتە، بەڵام لەو شاکارەدا ناپلیۆن بە شێوەیەکی تر دەردەکەوێت، ئێمە ئەگەر ئەومان تەنیا وەک سەرکردەیەکی سەربازی دیبێت، ئەوا دیارە ئەو لەو لایەنەوە کەسێکی رۆمانسییە**



ئەمریکی دەبینین لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٣٩دا هەواڵێکی لە کۆوارێکی فەڕەنسی وەرگرتووە کەوا ئاماژەی بەو ڕۆمانە داوە، کە ژمارەی لاپەڕەکانی تەنیا ١٣ لاپەڕە بووە، ئەو جۆرە بەرهەمەش لە بەرهەمە پاشماوەکانی موسۆلینی دەچێت کەوا کۆششی کردووە پەخشان بنووسێت، یان هیتلەر هەوڵی داوە چەند تابلۆی ئاوی دروست بکات، ئەوانە هەموویان لە شاکار و داهێناندا پلەی سێیان بۆ دادەنرێت، هەر ئەوەندەیان لێ دەوەشێتەوە، کەوا ئەو کۆششانە کە باس کراوە و بایەخیان هەبووە تەنیا لەبەر دەسەڵاتەکەیان بووە، بەوەش نووسەرە گەورەکان و هونەرمەندان لەسەر ئاستی هەموو جیهان تووشی رووخان دەکات.

جین ئایتکینز بەڕێوەبەری دەزگای گالیک، ئەوەی ڕۆمانەکە لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی دەروونی ئارماند کاباسون لە لەندەن چاپ دەکات، دەڵێت: ئەگەرچی دەستنووسەکە کورتە، بەڵام لەو شاکارەدا ناپلیۆن بە شێوەیەکی تر دەردەکەوێت، ئێمە ئەگەر ئەومان تەنیا وەک سەرکردەیەکی سەربازی دیبێت، ئەوا دیارە ئەو لەو لایەنەوە کەسێکی ڕۆمانسییە. ئەو ژنە ئامادەکەرە لە روانگەی خۆیەوە ناوی نووسەری بە ناپلیۆن داوە و کارەکەی بە ڕۆمان پێناسە کردووە. بەڵام ماڵپەڕی ئەمازۆنی تایبەت بە کتێبفرۆشی زۆر بە پارێزەوە کتێبەکەی نمایش کردووە و گوتوویەتی:

ئەو بەرهەمە دەبێ وەک بەرهەمێکی سەردەمی خۆی سەیر بکرێت.

ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی لەندەنی ١٤ی یولیۆ ٢٠٠٩